سەرۆک کۆمار پیرۆزبایی لە گوتێرێس دەکات بەبۆنەی ڕۆژی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە

عەبدولەتیف جەمال ڕەشید، سەرۆک کۆمار، ئەمڕۆ سێشەممە، بەبۆنەی ڕۆژی نەتەوە یەکگرتووەکان و چوونە بواری جێبەجێکردنی میساقەکەیەوە، پیرۆزبایی لە سکرتێری گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان، ئەنتۆنیۆ گوتێرێس کرد.

لە ڕاگەیەندراوێکی سەرۆکایەتی کۆماردا هاتووە"سەرۆکی کۆمار، عەبدولەتیف جەمال ڕەشید، پەیامێکی پیرۆزبایی ئاراستەی ئەمینداری گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان، ئەنتۆنیۆ گوتێرێس کرد ، بە بۆنەی ڕۆژی نەتەوە یەکگرتووەکان و چوونە بواری جێبەجێکردنی میساقەکەیەوە.

سەرۆک کۆمارڕاگەیاندووە کەجێگای شانازی و خۆشحاڵییە کە بە بۆنەی ڕۆژی نەتەوە یەکگرتووەکان و چوونە بواری جێبەجێ کردنی میساقەکەیەوە پیرۆزبایی ئاراستەی ئێوە دەکەین، ئێمە جەخت لەسەر "ئامانجەکانی پلان و بنەماکانتان دەکەینەوە، ودەستی ئەوەش بەتوندی دەگرین درێژ بەپێدانی هیوا بەم جیهان تا هەمووان بتوانن چێژ لە ئاشتی و گەشەپێدانی بەردەوام وەربگرن."

ئاماژه ی به وه شدا" ئەم دەرفەتە دەقۆزینەوە بۆ ئەوەی دڵنیاتان بکەینەوە کە ئێمە لە تەنیشتتان وەستاوین تا دادپەروەری بەرپا دەبێت و مرۆڤایەتی بەتاوانتر دەبێت و دەرفەتەکان لە ژیاندا زیاتر بکرێن بەتایبەت بۆ گەنجان و ژنان".

ناوبراو لە درێژەی قسەکانیدا وتی: لەم ڕۆژەدا خۆشحاڵین کە خەمخۆریتان بۆ مافەکانی مرۆڤ، بەتایبەتی لەو هەلومەرجە سەختەی کە ئەمڕۆ دونیامان پێیدا تێدەپەڕێت، هەروەها هەموومان متمانەمان بەئێوە هەیە کە هەوڵی دابینکردنی پێداویستیەکان بۆ ئەو کەسانەی کە پێویستیان پێیەتی دەدەن و کۆتاییهێنان بە دابەشکاری.

سەرۆکی کۆمار دووپاتی کردەوە، "دەمانەوێت نیگەرانی خۆمان بۆ ئێوە دەرببڕین سەبارەت بەو قەیرانانەی کەشوهەوا کە کاریگەریان لەسەر هەسارەکەمان هەیە، بەتایبەتی ئاو و گەرمبوونی جیهان، و هاوسۆزین لەگەڵ بەشداریکردن و ئاواتەکانتان لەپێناو ژینگەیەکی گونجاو بۆ ژیان.

سەرۆک کۆمار نامەکەی کۆتایی هێناوە بە هیواخوازی بۆ تەندروستی و سەرکەوتن بۆ گوتێرس و ڕێکخراوەکەیان.

سەرۆکی کۆمار لە کۆتاییدا وتی: هیوای لەش ساغی و سەرکەوتنتان بۆ دەخوازین، و ڕێکخراوەکەتان پێشکەوتن و سەرکەوتن لەو شتەدا کە ئاواتەخوازن.